به بۆنەی سییەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ئایکۆنی کۆڵنەدانی ڕۆشنبیریی م. ئازاد عەبدولواحید - ئەندازیاری گۆڤاری ڕامان و بەردەوامبوونی

پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری
(کۆلیژی زمان — زانکۆی سەلاحەددین)

لە دیمەنی ڕۆشنبیریی هاوچەرخماندا، کەم جار ئەزموونێکی ڕاگەیاندنی ئەدەبی دەبینین کە سێ دەیە بەبێ دابڕان بەردەوام بێت و گۆڕانکارییەکانی زەمەن و هەوراز و نشێوەکانی سیاسەت و باری ئابووری کاری تێنەکەن. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبیی سەنگین و پڕبایەخ و ڕەسەن، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام، بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ بە زمانی کوردی، تەنیا دەستکەوتێکی ڕۆژنامەوانی نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی ستراتیژی و شۆڕشێکی هۆشیارییە کە سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان) م. ئازاد عەبدولواحید بە لێهاتوویی و لەسەرخۆیی پێشەنگی بووە. ئەم بەردەوامیی و نەفەس درێژییە کارایە، لە کایەی ڕۆشنبیریی ناوچەیی و جیهانیشدا، کەم وێنەیە.

ئێمە وەک چاودێر و پسپۆڕی بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و ڕاگەیاندنی ڕۆشنبیری، ئەزموونی م. ئازاد عەبدولواحید وەک نموونەیەکی گەشی پڕ بەها دەبینین، ئەو پیاوەی تەنیا بە دانانی بەردی بناغە نەوەستا، بەڵکوو بوو بە چەترێکی مەعریفی کە پارێزگاری لە گوتاری ڕەخنەیی و ئەدەبیی کوردی دەکات و بەرەو پێشەوەی دەبات.

## بەردەوامیی

دیارترین هێما لە کاروانی ڕۆژنامەگەری م. ئازاد عەبدولواحیددا، بەردەوامییە لە دەرکردنی ژمارەکانی گۆڤاری (ڕامان) لە ڕێکەوتێکی دیاریکراوی هەموو مانگێکدا، لە ماوەی سێ دەیەی ڕابوردوودا، ناوچەکە بە ناو زریان و وەرچەرخانی سیاسیی توند و تەنگژەی ئابووریی خنکێنەردا تێپەڕی کە خەریک بوو گەورەترین دامەزراوەکان لەناو ببات. سەرەڕای ئەوەش، (ڕامان) هەمیشە لە کاتی خۆیدا دەدرەوشایەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو قوربانییە کەسییە گەورانەی کە سەرنووسەرەکەی پێشکەشی دەکرد، کاتێک تەمەن و توانایی خۆی بە پاسەوانیکردنی ئەم دەروازە ڕۆشنبیرییە بەخشی.

م. ئازاد عەبدولواحید توانی گۆڤارەکە لە جەمسەربەندییە حزبییە تەسکەکان و گۆڕانکارییە سیاسییە کاتییەکان بەدوور بگرێت، چونکە بڕوایەکی قووڵی بەوە هەبوو کە کولتوور و ئەدەبی کوردی ناسنامەیەکی جێگیر و کۆکەرەوەن، لە کاتێکدا سیاسەت و ئابووری دوو گۆڕاوی کاتین. ئەم تێگەیشتنە قووڵە بۆ پەیامی ڕاگەیاندنی ئەدەبی،

وایکرد کە (ڕامان) ببێتە مێرگێکی ئارامی مەعریفی و دامەزراوەیەک کە بەسەر تەنگژەکاندا زاڵ بێت.

## چەتری کۆکەرەوە و پارێزەری ناسنامە

یەکێک لە گرنگترین و باڵاترین ڕەهەندەکانی گۆڤاری (ڕامان)، لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیی گۆڤارەکەیە. لە سەردەمێکدا کە سنوورە دەستکردەکان و جیاوازییە جوگرافی و سیاسییەکان هەوڵی پارچەپارچەکردنی گوتاری کوردییان دەدا، (ڕامان) توانی ببێتە پانتاییەکی نەتەوەیی گشتگیر، کە نووسەران، ئەدیبان، ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان لە دەوری یەک مێزی مەعریفی کۆکردەوە.

ئەم ستراتیژە هۆشیارانەیە، خزمەتێکی بێوێنەی بە پاراستنی ناسنامەی کوردی کرد و هەمیشە بە زیندوویی هێشتییەوە. م. ئازاد عەبدولواحید لە



ڕێگەی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە رووبەری گونجاوی بۆ چاپکردنی تێکستەکان ڕەخساند، هاوکات توانی ناسنامەیەکی کولتووری هاوبەش دامەزرێنێ کە تێیدا دیالێکت و قوتابخانە ئەدەبییە جیاوازەکانی کوردستان (لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا) ئاوێتەی یەکتر بن، ئەمەش وایکرد (ڕامان) بوارێکی ڕۆشنبیریی هاوبەش بێنێتە ئاراوە، بوارێک کە توانایی هەیە پردی پێوەندی لە نێوان تەواوی داهێنەرانی کورددا دروست بکات و ڕەسەنێتی زمانی کوردی لە بەردەم مەترسییەکانی سڕینەوە و بێگانەبوون بپارێزێت.

## کراوەیی ڕۆشنبیری

لە ڕوانگەی پێکهاتەیی ڕاگەیاندنی ئەدەبییەوە، زیندوویەتی هەر گۆڤارێک بەندە بەو کایە ئازاد و نەرمییە ڕەخنەییەی کە دەیڕەخسێنێت. لێرەشدا ڕۆڵی م. ئازاد عەبدولواحید لە دڵفراوانییە بێوێنەکەیدا بەرانبەر بە پێشنیارەکان، ڕەخنە زانستییەکان و تێڕوانینە میتۆدییە جیاوازەکان دەردەکەوێت.

م. ئازاد عەبدولواحید هەرگیز وەک سەکۆیەک بۆ سەپاندنی ڕوانگەی یەکلایەنە مامەڵەی لەگەڵ (ڕامان)دا نەکردووە، بەڵکوو کردییە ئەزموونێکی کراوە بۆ ڕەخنە و ڕەخنەی هاوتەریب. ئەو گۆڤارەکەی گۆڕی بۆ کەشێکی لەخۆگری ڕوانگەی ڕۆشنبیریی جۆراوجۆر کە تێیدا ڕێز لە ڕای زانستیی قووڵ دەگیرێت و پێشوازی لە گفتوگۆی مەعریفی دەکات کە کتێبخانە و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی دەوڵەمەند دەکات، ئەو هەمیشە پێوەرە مەعریفییەکانی خستووەتە پێش هەر جۆرە بەرژەوەندییەکی کەسی، یان نەریتییەوە.

## بەیەک گەیاندنی ئاسۆکان

تێکەڵکردنی ئاسۆکان و توانەوەی ڕوانگەی نەوەکان لە یەکەیەکی مەعریفیدا، کە خۆی لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا دەبینێتەوە، دیارترین تایبەمەندی کاری بێوچانی م. ئازاد عەبدولواحیدە، لە بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەدا. هەمەجۆریی مرۆیی و کولتووری لە ناو (ڕامان)دا، خۆی لە لەخۆگرتنی ئەزموونی نەوە یەک لەدوای یەکەکان دەبینێتەوە. لە ئەدەبیاتی ڕەخنەییدا، زۆرجار دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان تووشی (گرێی ناوەندێتی داهێنان)، یان ئەوەی پێی دەوترێت (ململانێی نەوەکان (Generation Gap دەبن، لێرەدا نەوەی کۆن تێڕوانینە نوێیەکانی گەنجان ڕەت دەکاتەوە، یان گەنجان سووکایەتی بە میراتی پێشەنگەکان دەکەن.

لە (ڕامان)دا، ئەم گرێیە بە تەواوی شی کرایەوە و لەناوچوو، ئەمەش بەهۆی ئەو عەقڵییەتە کارگێڕی و ڕۆشنبیرییە کراوەیەی م. ئازاد عەبدولواحید. ئێمە لە فەرهەنگی ئەودا هیچ دوورخستنەوەیەکمان بۆ گەنجان، یان داخستنی دەرگامان بەڕووی ئەزموونە مۆدێرن و تاقیکارییەکانیاندا نەبینی، بەڵکوو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی بۆ پێنووسە گەنجە خاوەن ئاسۆکان کردەوە و لە تەنیشت لێکۆڵینەوەی پێشەنگ و بیرمەندە گەورەکاندا جێگەی کردنەوە.

## لە گۆڤارەوە بۆ دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیریی

هەنگاوە ڕۆشنبیرییە گەورەکانی گۆڤاری ڕامان تەنیا لە سنووری لاپەڕە و بابەتە چاپکراوەکانیدا قەتیس نەمان، بەڵکوو لەژێر سەرپەرشتی و دیدگای فراوانخوازی م. ئازاد عەبدولواحیددا، گۆڤارەکە ئاسۆکانی خۆی فراوانتر کرد و گۆڕا بۆ دەزگایەکی مەعریفیی زیندوو کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاراستەکردنی ئەدەبیاتی کوردی هەیە. ئەم وەرچەرخانە گەورەیە بە ڕوونی لە بەستنی (فیستیڤاڵی ڕامان)دا ڕەنگی دایەوە، کە تا ئێستا سێ کۆنفرانسی زانستی و ئەکادیمی گەورەی لەم بوارەدا ڕێکخستووە.

ئەم فیستیڤاڵانە بوونە ناوەندێکی گرنگی ڕەخنەیی بۆ تاووتووکردنی جومگە جیاوازەکانی ڕۆمانی کوردی و جیهانی و خوێندنەوەی پەرەسەندنە تەکنیکی و بنیادییەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە. بەستنی سێ فیستیڤاڵ لەسەر یەک، بەشداری پێکردنی دەیان شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و ئەکادیمی و توێژەر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، کۆکردنەوە و چاپکردنی توێژینەوەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە م. ئازاد عەبدولواحید خاوەن پرۆژەیەکی کولتووریی ستراتیژییە کە دەیەوێت نەریتی ڕەخنەی زانستی لە کوردستاندا بچەسپێنێت و ئاستی تیۆری و کرداریی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بەرەو قۆناغێکی جیهانیی هاوچەرخ ببات.